## بەیاننامەی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان سەبارەت فشارەکانی ئاسایش بۆ سەر ڕۆژنامەنووس جەمال ئیختیار دینی

ناو: جمال ئیختیار دینی   ناسراو به جمال رەحمان حەسەن



لە دایک بووی: بانە - ڕۆژ هەڵاتی کوردستان - 1976 وەکو پەنابەر لە باشوری کوردستان دەژیت. پیشە: ڕۆژنامە نووس - جێگری سەرنووسەری کوردش گلوب ، تا ڕێکەوتی ناوەراستی مانگی 2007 ، هاوکاری ڕۆژنامەی ئالای ئازادی، ئاژانسی - پێشوتەر لە ڕێگای کوردستان ، هاووڵاتی و خوێندکاری ماستەرە لە بواری سیاسەت و پەیوەندی نێودەولەتی لە زانکۆی هەولێر لە باشووری کوردستان.

ملازمێکی ئاسایشی گشتی بە ناوی کاردۆ چەندین جار ئازاری ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی   دەدات و شەوی 28/ 29/ مانگی ئازا دووبارە دەچتە سەر ماڵەکەی. ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی  ناچار دەبێت لە بەرواری 2 / 4 / 2007 لە دادگا سکالایان لە سەر تۆمار بکات و لە ڕۆژنامەی ئاوێنە هەواڵێک لە سەر مەسەلەکە بڵاوبکاتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی تورە بوونی ئاسایشی گشتی هەولێر و لە ئەنجامدا ئاسایش سەعات 11 شەوی شەمە 7-8/ نیسان ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی  دەرفێنن و دەخەنە زیندانەوە. ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی بۆ ماوەی 22 ڕۆژ تا ڕۆژی 29/ 4 2007 دەست بە مانگرتن لە خواردن دەکات . بە هۆی خراپ بوونی باری تەندروستی ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی  ئاسایش ناچار دەبێت رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکات لە شاری هەولێر.
ڕۆژی 29 / 4 ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی   ئازاد دەکرێت بە مەرجێک داوای لێبوردن لە ئاسایشی گشتی هەولێر بکات و هیچ لیدوانێک بۆ ڕۆژنامەکان نەدات ، وە شت لە دژی ئەوان و لە سەر بار و دۆخی زیندان نەنووسێت

.

فەرمانبەرانی ئاسایش ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینیان بەوە تاوانبارکردوە کە دوژمنی کوردستانە چونکە شکاوەتی لە ئاسایش کردوە ، و هەواڵی لە ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاو کردەۆتەوە، هەروەها بەوە تاوانبارکراوە کە دوژمنی ئەمنی قەومی هەرێمی کوردستانە  و لە هەموو شوێنێک دا دژایەتی دەسەڵات دەکات .
ئاسایشی هەولێر  هەرەشەیان لە ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی کردوە کە بێ سەرو شوێن بکەن و سنورداشی ئێران بکەنەوە لە کاتێکدا مافی پەنا بەری سیاسی لە هەرێمی کوردستانی هەیە .
ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی لە بەر هەڕەشەی ئاسایشی هەولێر ناچاربووە خوێندنەکەی لە زانکۆی هەولێر بەجێبێڵێت.
لە ڕۆژنامەی میدیادا لە زاری عیسمەت ئەرگووشی بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی هەولێر تۆمەتی ئەوە بۆ ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی  دروست کراوە کە گوایە ئەو بە تۆمەتی کار کردن بە مادەی بێ هۆش کەر گیراوە. هەروەها لە ناو جەماوەردا باسی ئەوە دەکەن کە ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی ئیتلاعاتی ئێرانیە . لە کاتێکدا کە ڕۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی  لە سەر ئەو سکالا و هەواڵە گیراوە کە لە لاپەرە دووی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاو کراوەتەوە.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەم کردەوەیەی ئەو فەرمانبەرانەی ئاسایش بە هەوڵێکی ئاشکرا دادەنێت بۆ دەمکوتکردنی ڕۆژنامەوانان  و دوورخستنیان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری.

ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی رۆژنامەوانی و مرۆڤایەتییە. رۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی پەنابەرێکی رەسمییە لە باشووری کوردستان و هەموو مافێکی هەیە ژیانی لە هەرێمی کوردستان بپارێزرێت.
کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکات لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەو فەرمانبەرانەی ئاسایش بکەن و بە گوێرەی یاسا مافەکانی رۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی بپارێزێت و ئازادیەکانی بۆی بگەرێننەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بگەرێتەوە زانکۆی هەولێر و خوێندنی خۆی تەواو بکات.
هەروەها داوا لە رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیونال، کۆمیتەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ، ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانی جیهان، پەیامنێرانی بێ سنوور و قەڵەمی ئازاد دەکەین هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر کێشەی رۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی ئاشکرا بکەن و دەسەڵاتی خۆیان بەکار بێنن لە پێناو پشتگیری کردن لە رۆژنامەنووس جمال ئیختیار دینی.
بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن.

**کۆپییەک بۆ:**

حکومەتی هەرێمی کەردستان
پەرلەمانی کوردستان
سەندیکای رۆژنامەوانانی کوردستان
رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناسیونال
کۆمیتەی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ
کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانی جیهان
ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان
پەیامنێرانی بێ سنوور
قەڵەمی ئازاد

. کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان
Ku_b_r_ku@yahoo.se
http://www.journalist.kurdistanan.net/
2007-05-31



## دوو پەنابەر سکاڵا لەسەر ئاسایش تۆماردەکەن

**دوو پەنابەری ئێرانی لە هەولێر لە دوو کاتی جیا لەلایەن ئاسایشەوە ژوورەکانیان دەپشکنرێت ئەوانیش لەبەرامبەردا لە رێی پارێزەرەوە سکاڵا لەدژی ئاسایشی گشتی هەولێر تۆمار دەکەن.**

**هەولێر، ئاوێنە:** دوای شەوەی ٢٨-٣/٢٩ لەلایەن چەند چەکدارێکەوە بە ناوی ئاسایشەوە هەڵدەکوتنە سەر ژووری هەریەک لە جەمال سوڵتانیو جەمال رەحمان ئیختیار کە دوو پەنابەری رۆژهەڵاتی کوردستانن و لە ئوتێلی ئەڤین لە شاری هەولێر نیشتەجێن، ئەوانیش لەبەرامبەردا سکاڵا لە دادگای هەولێر لەسەر ئاسایشی گشتی تۆمار دەکەن. لەمبارەیەوە جەمال ئیختیار بە ئاوێنەی وت: "من لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە مافی پەنابەرێتیم هەیە لە هەولێرو وەک رۆژنامەنووسێکیش لە سێ شوێنی جیا کاردەکەمو سوکایەتیم پێکراوەو بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە لە ژوورەکەی خۆم بەندیان کردم". هەروەها وتیشی: "بۆ پاراستنی مافی هەرێمی ئاکە کەس ئێمە لە دادگای هەولێر لە رێگای پارێزەر گۆڤەند بابانەوە سکاڵامان لەسەر ئاسایشی گشتیو وەزارەتی مافی مرۆڤو لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان تۆمار کردووە".